# لا فەرقە بەینە ئیسلامی فینلاندی و کوردی ئیلا بتوندڕەوی!

عەباس شوان/ فینلاند

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری دیموکراتەکانی فینلاند، گروپێک لەئیسلامییەکانی ئەم وڵاتە بەنیازن حیزبێک دابمەزرێنن! ( کام حیزب؟ شیعی یان سونی یان ....؟! ) بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییان لەسەرەتای مانگی 8 دا بەست. زۆر ڕاشکاوانە و بێ ئەوەی شەرم لەخۆیان و کۆمەڵگا بکەن وەک تیرۆریستانی ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە دێننە پەیڤین :

...ئامانجمان لابردنی خواردنەوەی ئالکۆل و مەشروب لە دوکان و بازارەکانە ... (سەرۆکی دەست نیشانکراوی پارتی ناوبراو ، عەبدوڵڵا تامی)




خۆش بەئاوهەوا ئەوەیە ئەم جەنابانە هەر هەموویان لەدایک بووی فینلاندن. پاک و بێگەرد و پەروەردەیەکی دروستی ئەم وڵاتە گۆشکراون! سەرئەنجام بەناوی و بیانوی جیایی ئاین و کەلتوور، دەیانەوێت شتێک کە بۆ سەرگەرمی و جەو دروستکردن زیاتر هیچی تر نییە، لەخەڵک ئەم وڵاتەی قەدەغە بکەن کە بۆتە بەشێک لەکەلتووریان و هاوکات ژیانی هەزارەها کەس لەسەر ئەو بزنسە بەڕێوە دەچێت.

...منالانی موسوڵمان مەجبوور نەبن بەشداری لەپۆلەکانی مۆسیقا، چوونە مەلەوانگەکاندا بکەن... (سەرۆکی دەست نیشانکراوی پارتی ناوبراو، عەبدوڵڵا تامی)

ئەو پەیڤانە لێکدانەوەی زۆر لەخەڵکی نێو جیهانی ئیسلام و نا ئیسلام بەدرۆ دەخاتەوە گوایە پەیرەوانی هاوچەرخی ئیسلام پێیان وایە گەر مۆڵەت بدرێت، بێگومان ئەوانیش لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکاندا دەتوانن خۆ بگونجێنن، ئاینێکی خۆ نوێکەرەوەیە!

یاساکانی فینلاند وایە ئەوەی بیەوێت پارت – حیزب پێک بهێنێت لایەنی کەم دەبێت 5هەزار ئەندامی ناونووسی هەبێت. ئەم داوایە لەکاتێکدایە، دەسەڵاتی سیاسی وڵات بەدەست باڵی ڕاستی کۆمەڵگاوەیە، دوای ڕووداوی 11ی سێبتەمبەری، فشاری هەمەلایەنە هاتۆتە سەر هەموو ئەو دانیشتوانەی کە لەڕۆژهەڵاتەوە هاتوون بەئیسلام و نائیسلامەوە! خەریکە بەهەشتی ئەورووپا دەبێتە کارگەی مرۆڤ هارین بەشێوە مۆدێرنەکەی! سەرەڕای ئازادییە بێسنوورەی لەیاسادا چەسپێنراوە، لەمێژە بەرقەرارە، دەبێت بووترێت ئاسنی سارد کوتانن زیاتر هیچی تر نییە و نابێت. 2007.9.23

تکایە بڕواننە تیکستی هەواڵەکە:
http://www.demokratekan.org/index.php?id=158